هاوڕێکاری سەرۆک وەزیران ئەو بڕە پارەیەی بە سندوقی گەشەپێدان تەرخانکراوە ئاشکرا کرد

هاوڕێکاری سەرۆک وەزیران بە کاروباری وەبەرهێنان محەمەد نەجار ، بەهای ئەو بڕە پارەیەی بە سندوقی گەشەپێدان تەرخانکراوە ئاشکرا کرد، لە کاتێکدا جەختی لەوە کردەوە کە سندوقێکە هاوسەنگی لە وەبەرهێناندا دروست دەکات.

نەجار بە ئاژانسی (موتەبع) راگەیاند"سندوقێکە کار دەکات بە پەرەپێدانی وەبەرهێنان لە وەتدا و هاوسەنگییەکی گەورە دروست دەکات"،

ئاماژەی بەوەشکرد کە "ئامانجی سندوقی گەشەپێدان چالاککردنی کارەکانی کەرتی تایبەتە لە عەراق."

وتیشی "ئەم سندوقە زیاتر لە 4 کەرت لەخۆ دەگرێت، کە گرنگترینیان پەروەردە و پیشەسازی و کشتوکاڵن" و جەختیشی کردەوە لە تەرخانکردنی یەک ترلیۆن دینار لە داهاتی نەوت بە پەرەپێدانی ئەو سندوقە بەپێی بودجە و بە ماوەی سێ ساڵ."